کورد لەبەرزەخی شەڕ و سوڵحی ساردی ئەمریکا و ئێران دا

29-04-2026

نووسەرەکان

زریان رۆژهەڵاتی

کورتە : شەڕی ٢٠٢٦ی ئێران یەکێکە لەو رووداوانەی کە توانای ئاراستەکردنی جیۆپۆلەتیکی چارەکی دووەمی سەدەی ٢١ی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە و هاوکات دەتوانێت روخساای پرسی کوردیش بگۆڕێت. هەرچەندە شەڕەکە بە فەرمی کۆتایی نەهاتووە، بەڵام ئەمریکا و ئێران لە بەرزەخی "ئاشتییەکی سارد" یان ئەگەری گەڕانەوە بۆ پێکدادانی سەربازیدا ماونەتەوە. دەرەنجامی ئەم ململانێیە هەرچییەک بێت، جەنگی ٤٠ رۆژە کاریگەرییە بنەڕەتییەکانی خۆی جێهێشتووە؛ بە جۆرێک نە ئێرانی داهاتوو دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش جەنگ و نە هاوسەنگییەکانی ناوچەکەش وەک خۆیان دەمێننەوە. لەم هاوکێشەیەدا، کورد وەک بەشێکی دانەبڕاوی شەڕ دەرکەوت، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی کە بە فەرمی بێلایەنیی خۆی راگەیاندبوو! لە راستییدا، بۆ جوگرافیایەکی وەک کوردستان، بێلایەنی بژارەیەک نییە کە تەنیا بە ئیرادەی ناوخۆیی دیاری بکرێت، بەڵکو پێویستی بە دانپێدانانی لایەنە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانیش هەیە؛ بەڵام ئاراستەی رووداوەکان دەریخست کە ئەم بێلایەنییە لەگەڵ بەرژەوەندیی هیچ کام لە جەمسەرەکانی شەڕدا نەدەگونجا/ ناگونجێت. لەم نێوەندەدا،

شـەڕی ٢٠٢٦ی ئێـران یەکێکـە لـەو رووداوانـەی کـە توانـای ئاراسـتەکردنی جیۆپۆلـەتیکی چـارەکی دووەمـی سـەدەی ٢١ی لـە رۆژهەڵـاتی نێوەڕاستدا هەیە و هاوکات دەتوانێت روخساای پرسی کوردیش بگۆڕێت. هەرچەندە شەڕەکە بە فەرمی کۆتایی نەهاتووە، بەڵام ئەمریکا و ئێران لە بەرزەخی "ئاشتییەکی سارد" یان ئەگەری گەڕانەوە بۆ پێکدادانی سەربازیدا ماونەتەوە. دەرەنجامی ئەم ململانێیە هەرچییەک بێت، جەنگی ٤٠ رۆژە کاریگەرییە بنەڕەتییەکانی خۆی جێهێشتووە؛ بە جۆرێک نە ئێرانی داهاتوو دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش جەنگ و نە هاوسەنگییەکانی ناوچەکەش وەک خۆیان دەمێننەوە. لەم هاوکێشەیەدا، کورد وەک بەشێکی دانەبڕاوی شەڕ دەرکەوت، ئەوەش سەرەڕای ئەوەی کە بە فەرمی بێلایەنیی خۆی راگەیاندبوو! لە راستییدا، بۆ جوگرافیایەکی وەک کوردستان، بێلایەنی بژارەیەک نییە کە تەنیا بە ئیرادەی ناوخۆیی دیاری بکرێت، بەڵکو پێویستی بە دانپێدانانی لایەنە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانیش هەیە؛ بەڵام ئاراستەی رووداوەکان دەریخست کە ئەم بێلایەنییە لەگەڵ بەرژەوەندیی هیچ کام لە جەمسەرەکانی شەڕدا نەدەگونجا/ ناگونجێت. لەم نێوەندەدا، دۆخی هەرێمی کوردستان و پرسی کورد لە رۆژهەڵات، بەرەو قۆناخێکی نوێ و جیاواز هەنگاو دەنێت.

کورد لە ستراتیژی شەڕی ئەمریکا وئیسرائیل دا

ئەمریکا لە شەڕی ٤٠ رۆژەدا ئێرانی لاوازکرد بەڵام نەیتوانی لە ناوی بەرێت. هەرچەندە بەرەی ئەمریکا-ئیسرائیل باڵادەستیی ئاسمانی و هەواڵگرییان هەیە، بەڵام هێشتا ئامانجە ستراتیژییەکانیان ــ وەک لەناوبردنی ٤٤٠ کگم یۆرانیۆمی پێتێندراوی ٦٠٪ و لاوازکردنی کردنی توانای موشەکی و نفوزی ناوچەیی ــ بەدی نەهاتوون و رژێمی سیاسییش نەگۆڕاوە.

فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکاش(سێنتکۆم) باسی لە پێکانی سەرووی ١٣ هەزار ئامانج لە ناوخۆی ئێران کردووە و هەر لە سەرەتاکانی شەڕیشەوە پرسی کردنەوەی بەرەی کوردیی شەڕ بووە باسێکی میدیایی. لە راستیدا ئەمە بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل زیاتر تەکتیکێکی فریودانی ئێران بوو نەک پلانێکی سەربازیی تۆکمە کە بەتەمای سەرخستنی بن. هەرەوها دەشێ رێکارێکیش بووبێت بۆ راگرتنی تورکیا لەوەی کە راستەوخۆ یارمەتیی ئێران بدات. ئەوان بە دزەپێکردنی ئەم زانیارییە، بەشێک لە سەرنجی سەربازیی ئێرانیان بۆ بەرەی وشکانی راکێشا، لەکاتێکدا دوای ٤٠ رۆژ دەرکەوت کە هیچ پلانێکی کردەنیی لەو شێوەیە لە ئارادا نەبووە.

هەر لە بنەڕەتدا، دزەپێکردنی ئەم بابەتە لە میدیاکانی ئەمریکاوە نیشانەی ئەوە بوو کە پلانێکی فریودانە نەک هێرشی راستەقینە؛ چونکە ئەگەر پلانێکی سەربازی بۆ بەکارهێنانی بەرەی کوردی وەک مەیدانێکی شەڕ هەبوایە، بە بێدەنگییەکی تەواوەوە جێبەجێ دەکرا. باسکردنی ئەم بابەتە لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی جیاوازی کوردی ــئەگەر راست بێتــ سەلمێنەری ئەوەیە کە واشنتن هەر لە سەرەتاوە نەیویستووە ئەمە بە کردەوە سەر بگرێت تەنانەت ئەگەر باسیشی کردبێت، چونکە درکاندنی پلانێکی "نهێنی" لەگەڵ چەندین لایەنی جیاواز، کە ئایدیا، بەرژەوەندی و پەیوەندییەکی ناوچەیی جیاوازیان هەیە، واتای ئەوەیە کە ویستوویانە نهێنییەکە ئاشکرا بێت! هاوکات، بەپێچەوانەی هەندێک پروپاگەندەی میدیایی، ترەمپ راستەوخۆ لەگەڵ هیچ سەرکردەیەکی حیزبەکانی رۆژهەڵات بۆ ئەم بابەتە قسەی نەکردبوو.

هەر جۆرە ئۆپەراسیۆنێک بۆکردنەوەی بەرەیەکی کوردی لە دژی ئێران پێویستی بە هێرشێکی ئاسمانی چڕو بەردەوام لە ناوچە کوردییەکان هەبوو، وەک لە ئاماری هێرشەکانیشەوە دەردەکەوێت ئەمە تاڕادەیێک رووبداوە بەڵام لە چوارچێوەی هەوڵێکی گشتی بۆ لاوازکردنی توانانی جەنگی و توانای بەڕێوەبردنی ئێران بووە نەک ئەوەی کە شتێکی تایبەت بە ناوچەی کوردنشین بووبێت.

لەمــاوەی نێــوان ٢٨ی شوبــات هەتــا ١١ی ئەپریــل دا ACLED بــە گشتــی ٢٩٥٨ رووداوی تەقینــەوە و تونــدوتیژی رێگــای دووری(Explosions/Remote Violence) لە ٣٢ شوێن لە ئێران تۆمار کردووە کە بەپێی شیکردنەوەی ئامارەکە، وا مەزنەندە دەکرێت کە نزیکـەی ٨٦٪یـان بەهـۆی درۆن و مـوشەک و هێرشـی ئاسـمانییەوە بـووبێت. لەکـۆی گشتـی هێرشەکانـدا ٨.٨٥٪ی لـە چـوار پارێزگـای کوردنشینی کرماشان، ئیلام ، کوردستان(سنە)، ئازەربایجانی رۆژئاوا(ورمێ) رووایانداوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە ٢١٪ی هێرشەکان لە ٨ شوێنی باشووری ئێراندا بوون. تاران بە ٣١٪ەوە لە هەموو شوێنێک زیاتر بۆردومان کراوەو دەوری ١٧٪ لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران بوون.



لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی شەڕدا ٥٥٣ هێرش کراوەتە سەر ئێران کە تەنیا ٢٥ دانەی لە چوار پارێزگا کوردنشینەکە بوون ولەوەشدا، نزیکەی نیوەی لە کرماشان بووە. ئەویش وامەزەندە دەکرێت کە بەهۆی هەبوونی لانیکەم ٥ سایتی موشەکی گرنگەوە بووبێت. کاتی خۆی عەلی خامنەیی ڕابەری پێشووی ئێران باسی لە چەمکی " چیای پڕچەک"ی کردبوو وەک ئاماژەیەک بۆ گرنگی چیاکان لە دانانی سایتی موشەکی و سیستەمەکانی بەرگری و هێرشکردندا. بەو پێیەی کە زنجیرە چیای زاگرۆس بە ناوچە کوردییەکانەوە بەرەو خواروی ئێران شۆڕ دەبێتەوە، ئەم ناوچانە لە چەقی ستراتیژی سەربازی ئێران و ئەمریکا وئیسرائیلیشدا بوون.

لەلایەکی دیکەوە جگە لە ئامانجی پەرتکردنی توانای سەربازیی ئێران، دەشێ ئامانجێکی دزەپێکردنی ئەو بابەتی کردنەوەی بەرەی کوردی، ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا بووبێت. بێشک یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێران، کەڵک وەرگرتن لە توانای گرووپە چەکدارەکانی" موقاوەمەی ئیسلامی عێراق" لە دژی ئەمریکا و ئیسرائیل بوو، بەڵام بە هۆی سەرقاڵییانەوە بە پرسی کورد کەمتر ئەوەیان بۆ کرا. بەپێی ئامارێکی حکومەت هەتا لە ٢٨ی شوباتەوە ٢٠ی نیسانی ئەمساڵ٨٠٩ دانە درۆن و موشەک ئاراستەی هەرێمی کوردستان کراون کە نزیکەی ٨٧٪یان درۆن بوون و بەشێکی زۆری ئەوانەش لەناوخۆی عێراقەوە تەقێندراون.

دەشێ ڕێگرتن لە هاوکاری تورکیا- ئێرانیش ئامانجێکی دیکەی ئەم "تەکتیکی دزەپێکردنە" بووبێت. تورکیا زیاتر لە ئێران نیگەرانی جموجۆڵی هێزە کوردییەکان بوو. بێگومان ئەنکەرە "ئێرانێکی لاواز" بە قازانجی خۆی دەزانێت، بەڵام نایەوێت ئیسرائیل ببێتە باڵادەستی ناوچەکە، بۆیە ئەگەری هاوکاریی تورکیا بۆ ئێران لە ماوەی شەڕەکەدا شتێکی چاوەڕوانکراو بوو. لێرەدا، پێدەچێ ئەمریکا/ئیسرائیل هەستیاریی تورکیایان بەرامبەر پرسی کورد وەک "کارتێکی پێشگیرانە" بەکارهێنابێت؛ چونکە ئەمە بە کردەوە ڕێگری لەوە کرد کە تورکیا لەم شەڕەدا هاوکاریی ئێران بکات.

مانەوەی پرسی کورد وەک بابەتێکی زیندوو، لە قۆناخی 'سوڵحی ساردا'دا وەک پێویستییەکی ستراتیژی بۆ واشنتن دەمێنێتەوە. بێدەنگیی سیستەمەکانی بەرگری بەرامبەر بەشێکی بەرچاو لەو زیاتر لە ٣٠ هێرشەی کە دوای ئاگربەست کراوەتە سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، نیشانەیەکی خواستی ئەمریکایە بۆ 'بەڕێوەبردنی تەنگژە' لەگەڵ ئێران. لەم نێوەندەدا، هەرێمی کوردستان نەک تەنیا بۆ ئەمریکا، بەڵکو بۆ وڵاتانی کەنداو و تورکیاش دەبێتە چەقی هاوسەنگی؛ بۆ ڕێگریکردن لە هەژموونی گرووپە چەکدارەکان لە عێراق. تورکیا پێشبینی گرژییەکی زیاتر لەگەڵ ئیسرائیل دەکات بۆیە لەوانەیە هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکی زیاتر لەگەڵ کورد بدات.

بەرەی کوردی و خواستی ئێران

هەم هەرێمی کوردستان هەمیش حیزبە کودییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تاران لەناوچەقی ستراتیژی شەڕو دوای شەڕی ئێراندان. شەڕ پەیوەندییەکانی "کورد-ئێران-بەغدا"ی بردووەتە قۆناخێکی ئاڵۆزو، بەڵکو گوشارێکی بێوێنەشی لەسەر کورد دروست کردووە. لە ڕاستیدا پرسی هێرشی وشکانی و ئەگەری ڕۆیشتنی هێزە کوردییەکان، هەر لە سەرەتاوە بۆ ئێرانییەکانیش، کارتێکی پڕوپاگەندەیی بەکەڵک بوو بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەگەرایی لایەنگرەکانیان بە تایبەتی لەنێو فارس و ئازەرییەکاندا گەشەپێبدەن و هەستێکی پان ـشیعی لە عێراق و ناوچەکە ببزوێنن. ڕەنگە هۆکارێکی دیکەی بەردەوامیدان بە هێرشکردنە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە دوای ئاگربەست ودانوستاندنیش لەگەڵ ئەمریکا، هەر زیندووهێشتەوەی ئەو هەستە بێت کە ڕەنگە تاران بۆ قۆناخی دوای شەڕیش پێویستی پێی بێت.

ئەگەرشەڕدەستپێنەکاتەوە، ئەگەری دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندان و دەرکەوتنی ناکۆکی نێوخۆیی نوخبەی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە شتێکی نامۆ نابێت، وەک ئەوەی کە لە دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە لە ٢٠٢٥دا ڕوویدا. حکومەتی ئێران بە فەرمی باسی لە ٢٧٠ملیار دۆلار وەک زیانی شەڕ کردووە کە بە زیاتر لەنێوەی داهاتی ناپوختەی نەتەوەیی(GDP) ئەوە وڵاتە هەژمار دەکرێ. سندوقی نێودەوڵەتی دراویش پێشبینی کردووە کە ئابووری ئێران بە لانیکەمەوە سەرووی ٦٪ بچووکتر بێتەوە وئامارەکانی خودی ئێرانیش لە گەشبینانەترین سیناریۆدا، تا کۆتایی ساڵ باسی هەڵاوسانێکی سەرووی ٥٠٪ی دەکەن؛ ئامارێک کە نەک هەر لە ئێران بەڵکو لەهەر شوێنێکی دیکەی دنیاش بێت وەک زەوینەیەکی دەرکەوتنی ناڕەزایی سەیر دەکرێت بە تایبەتی لە ناوچە پەراوێزییەکان.

لەلایەکی دیکەوە هێشتا دیارنییە کە داینامیکی ململانێی نێوخۆیی دەسەڵات لە ئێران چۆن دەبێت بەڵام هەندێک نیشانە هەن کە دەریدەخەن لەوانەیە هەروا بی گرفت نەبێت. جارێ بەر لە هەموو شتێک دەشێ بڵێین کە لەماوەی شەڕدا، پرسی مانەوەی رژێمی سیاسی بەشێکی زۆرلە هێڵەکانی ناکۆکی نێوان نوخبەی دەسەڵاتداری ئێرانی بە ریفۆرمسیت و موحافزەکار، پیاوی ئایینی و سوپاییەوە پڕکردۆتەوە، بەڵام مەرج نییە لەگەڵ نەمانی دۆخی شەڕدا ئەمە بەوجۆرە بمێنێتەوە. سەرنجڕاکیشە کە لە دوای ئاگربەستەوە تاران لە نێوان دوو ڕوانگەی دژبەیەکدا دێت و دەڕوات؛ لەلایەکەوە ڕێککەوتنی دەوێت و لەلایەکی دیکەشەوە سوورە لەسەر هەڵوێستی خۆی. هەرچەندە بەرەی ئەمریکا-ئیسرائیل باڵادەستیی ئاسمانی وهەواڵگرییان لە شەڕدا هەبوو، بەڵام هێشتا ئامانجە ستراتیژییەکانیان ــ وەک لەناوبردنی ٤٤٠ کگم یۆرانیۆمی پێتێندراوی ٦٠٪ و لاوازکردنی کردنی توانای موشەکی و نفوزی ناوچەیی ئێران ــ بەدەست نەهێناوە و رژێمی سیاسییش نەگۆڕاوە. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئاگربەستێک کراوەو هێشتا جۆرێک دانوستاندان لە ئارادایە. ڕەنگە ئەمەش ئەو ڕوانگەیەی لای نوخبەی دەسەڵاتداری ئێران دروست کردبێت کە ترسی ڕووخانی رژێم نەماوە بۆیە هەبوونی جۆرێک لە ناکۆکی ناوخۆیی بەئاسایی بزانن.

لەکاتی دانوستاندنەکانی ئسیلامئابادا ئاژانسی هەواڵی فارس بابەتێکی کورتی بڵاوکردوە لەبارەی ئەوەی کە حوسێنی تایب کە کاتی خۆی فەرماندەی هەواڵرگی سوپای پاسداران بووە، ڕێگەی لە ڕێککەوتنی تیمی دانوستاندن گرتووە کە "بە تەما بوون هەموو شتێک بدەن بێئەوەی هیچ وەربگرن." لە ئەنجامی ئەو ڕەخنانەی کە لێی دەگیران، محەمەد باقری قاڵیباف سەرۆکی پەرلەمانی ئێرانیش چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی کرد و گوتی کە "بەوجۆرە نییە کە پاشەکشەمان لە داواکانی خۆمان کردبێ" و دانی بەوشدا نا کە ئەمریکا و ئیسرائیل لەڕووی سەربازییەوە لە ئێران بەهێزترن و ئەزموونیان زیاترە، بەڵام گوتیشی کە ستراتیژەکەیان هەڵە بووە و ئەوەی ئێران کاریگەرتر بووە. وێبسایتی ئینتخاب باسی لەوە کردووە کە بەرەی پایداری و لایەنگرانی سەعیدی جەلیلی ئامادەنەبوون بەیاننامەیەکی پەرلەمان بۆ پشتگیری کردن لە قاڵیباف و تیمی دانوستاندنکار واژۆ یکەن. هەر لەوچوارچێوەیەدا هەردوو وێبساتی رەجا نیوز و ئاژانسی تەسنیم لە دژی یەک نوسینیان بڵاوکردۆتەوە کە شتی وا نموونەی کەم بووە. ئەو کاتەش کە عێراقچی وەزیری دەرەی ئێران باسی کردنەوەی گەرووی هورمزی کردبوو، هێرشێکی میدیایی زۆری کرابووە سەر، ئەمە بێجگە لەوەی کە بەردەوام گوتاری دژی ڕۆحانی-زەریف لە ناوخۆی ئەو وڵاتە بڵاو دەکرێتەوە. هەڵبەت کات دەریدەخات کە ئەمانە دەبنە هەوێنی ناکۆکییەکی قوڵتری دەسەڵات یان وەک شتێکی کاتی دەمێننەوە، بەڵام ئەمە لەگەڵ گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانی شەڕدا وا دەکەن کە زیندووهێشتنەوەی پرسی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەم پاساوی ئەمنی کردنەوەی ناوچە کوردییەکان دروست بکات کە زۆرجار ئامادەیی خۆپیشاندان و ناڕەزایان تێدایە، هەمیش "ترسی جوداخوازی کوردی" وەک هۆکارێک بۆ کەمکردنی ناڕەزایی لە شوێنەکان دیکە بە کەڵکی حکومەت بێت.

سەبارەت بە هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتیش، تاران لە سەرەتادا هەوڵ دەدات وەک مۆدێلی "موجاهیدینی خەلق" هێزە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان دەرپەڕێنێت، بەڵام بە ئەگەرێک لەدوای شەڕ ناچار دەبێت بۆ ڕێگەیەکی دیکە بگەڕێت؛ یان گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنیکی دیکەی ئەمنی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، یان پەنابردن بۆ دانوستانێکی هاوشێوەی ئەوەی لە نێوان تورکیا و پەکەکە ڕوودەدات.

ئەگەر شەڕ دەستپێنەکاتەوە، بە ئەگەری زۆر ئێران هەوڵ دەدات، نفوزی خۆی لە عێراقیش زیاتر بکات، بەڵام ئەمە تەگەرەی زۆری لەبەردەم دایە. عێراق خەسارەتباری یەکەمی ململانێی ئێران و ئەمریکایە و دیارنییە تاکەی دەتوانێت باجی گەورە بۆ ئەوە بدات. واچاوەڕاندەکرێت کە دوای پێکهێنانی حکومەت، بەرەو هەڵوێستێکی نەرمتر لەگەڵ ئەمریکا بڕوات و ناچار بێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە ڕێک بخاتەوە. هەرچەندە "هەستی پان-شیعی" لە کاتی شەڕدا گەشەی کرد، بەڵام ئەمە کاتییە؛ چونکە پاڵپشتییە دارایییەکانی پێشووی ئێران لە گرووپەکانی عێراق کەم بووەتەوە و ئێستا زیاتر ڕۆڵی پەیوندییەکی ئایدۆلۆژی- دینی لە پێشە، کە ئەمەش ناتوانێت بەرگەی شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان لە ناوخۆی عێراق بگرێت کە ڕەنگە لەگەڵ هاتنی وەزری هاویندا زیاتربن. بۆیە دواجار ئەگەری سستبوونی پەیوەندییەکانی شیعەی عێراق لەگەڵ ئێران (هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی تشرین) زۆر بەهێزە. ئا لێرەشدایە کە پێویستی ئابووری- سیاسی ئیران بە هەرێمی کوردستان زیاد دەکاتەوە.

هەرێمی کوردستان دەتوانێت دەرفەتێکی گرنگ بێت بۆ عێراقیش بۆ بەڕیوەبردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکاو وڵاتانی کەنداو کە بەهۆی ئەم شەڕەوە زیانی زۆری پێگەیشتووە. بە گشتیش عێراق لە ٢٠٠٣ وە تا ئێستا دەرفەتێکی گەورەی لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی کە ببێتە دەوڵەتێکی مۆدێل لە پرسی کورددا و لە جیاتی ئەوەی کورد وەک هەڕەشە سەیر بکات، بیکاتە هۆکارێکی بەهێزبوون و

هەستانەوەی جیۆپۆلەتیکی خۆی، بەڵام هێرشی گرووپە چەکدارەکان و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێم و بە کارهێنانی سیاسییانەی بودجە و پرسی ناکۆکی نێوخۆیی کوردان، کە لەوانەیە بۆ هەندێک لایەنی عێراقی شتێکی سەنجراکێش و کارتێکی بەهێزە بێتە بەرچاو، خەریکە تەگەرەی گەورە بۆ ئەوە دروست بکات. عێراق بە مودێلی دەستووری ٢٠٠٥وە دەتوانێت بە هۆی کوردەوە هەستانەوەیەکی جیۆپۆلەتیکی گەورە بکات بەڵام لەڕێی لاسایی کردنەوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە وهەوڵدان بۆ ئەمنی کردنەوەی پرسی کورد، تووشی تەڵەیەکی مێژوویی دەبێت کە لەوانەیە بەرەو ناسەقامگیرییەکی درێژخایەنی دیکەی ببات.

کۆتایی

پرسی کردنەوەی "بەرەی کوردی" لە شەڕی ئێراندا، بابەتێکی دووفاقەیە کە بە شێوەیەکی جیاواز خزمەت بە بەرژەوەندیی هەردوو لایەنی دژی یەک دەکات. لە لایەکەوە، بۆ هەرێمی کوردستان، مانەوەی ئێران بە لاوازی ــبە جۆرێک کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ واشنتن ئاڵۆز بێتــ وەک باشترین بژارەی ستراتیژی دەبینرێت؛ لە لایەکی دیکەشەوە، حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵات گۆڕینی رەفتاری رژێم یان گۆڕینی خودی سیستەمە سیاسییەکە بە ئامانجی سەرەکیی خۆیان دەزانن.

لەگڵ ئەوەشدا لە رووی سەربازییەوە، هەر لە سەرەتاوە ئامادەییەکی کردەیی بۆ کردنەوەی بەرەیەکی کوردی لە ئارادا نەبوو. هەرێمی کوردستان بەهۆی دۆخی شپرزەی ناوخۆیی، وابەستەیی بودجە، نەبوونی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانیی تۆکمە و هەبوونی بەرەیەکی پشتەوەی کراوە لەبەردەم هێرشی گروپە چەکدارەکان، هەرگیز لە پێگەیەکدا نەبووە کە بەشداری شەڕێکی لەو شێوەیە بکات. هاوکات، ئەزموونی شەڕەکانی حەماس، پەکەکە و هەسەدە، ئەو راستییەی بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵاتیش سەلماندووە کە دەستپێکردنی جەنگێکی بێبەرنامە تەنیا وێرانکاریی زیاتر بۆ ناوچە کوردنشینەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت؛ بەتایبەت کە پێگە و کەمپەکانیان بە تەواوی ئاشکران و لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانەوە وازیان لەشەڕی چەکداریی پێشمەرگانە دژی تاران هێناوە. بە ئەگەرێکی زۆر، قۆناخی دوای جەنگ کۆتایی بەو مۆدێلەی کاری حیزبەکان دەهێنێت کە لە چەند دەیەی رابردوودا هەبووە.

لەلایەکی دیکەوە نارووونیی پلانی دۆناڵد ترەمپ بۆ ئێران، وەک "مەتەڵێکی سیاسی" کاریگەریی لەسەر زۆرێک لە لایەنەکان هەبوو. لە کاتی خۆپیشاندانەکانی کۆتایی ساڵی رابردوو و سەرەتای ئەمساڵدا، بەڵێنەکانی ترەمپ بۆ پاڵپشتیی خۆپیشاندەران جێبەجێ نەکران و خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی. جێی سەرنجە کە لەو خۆپیشاندانانەدا، ئاستی بەشداریی کورد بەراورد بە جارانی پێشوو کەمتر بوو، ئەمەش هاوتەریب لەگەڵ هەڵوێستی حیزبەکان لە کاتی جەنگدا، پێویستی بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە.

لە داهاتوودا، هەڵوێستی تاران لە نێوان دوو بژارەدا دەمێنێتەوە: یان کردنەوەی دەرگای سازانێکی سیاسی -ئەگەر مۆدێلی دانوستاندنی تورکیا و پەکەکە سەربگرێت- یان گرتنەبەری رێکارێکی ئەمنی و سەربازیی توندتر. لێرەدا ئەوە رونە کە تەنیا بەکارهێنانی هێز بەس نییە بـۆ یەکلاکردنـەوەی ململانێکـان؛ چـونکە بزووتنـەوە کوردییەکـان رەنگـە لـە قۆناغێکـدا سـەرکوت بکرێـن، بەڵـام لەنـاو نـاچن و مێـژوو دەریخستووە کە بە هێزێکی زیاترەوە سەرهەڵدەدەنەوە.

شەڕی ٢٠٢٦ی ئێران جارێکی دیکە ئەو راستییەی پشتڕاست کردەوە کە باڵادەستیی سەربازی بە تەنیا ناتوانێت رەفتاری ئەکتەرەکان بگۆڕێـت. لـەم جەنگـانەدا، تەنـانەت لایەنـە لاوازەکـانیش دەتـوانن لەڕێگـەی "سـتراتیژیی بـەرگریی ناهاوسـەنگەوە"خۆیان رابگـرن. ئەمـە خەسڵەتێکی دیاری جەنگە هاوچەرخەکانە؛ وەک چۆن رووسیا لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە نەیتوانیوە شەڕی ئۆکرانیا یەکلا بکاتەوە، و ئیسرائیلیش لە ساڵانی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤دا نەیتوانی کۆتایی بەحەماس و حیزبوڵڵا بهێنێت.